# پیرۆزی ئایینیو پیرۆزی دنیایی

خەزعەل ئەلماجدی
و:عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

بەگشتی فیکرەی ئایین لەسەر بنەڕەتی جەوهەری پیرۆزی وەستاوە، هەروەها هەموو سیستەمە ئایینیو پێکهاتەکانی (بیروباوەڕ، ئەفسانە، تەقس) بەدەوری ئەو فیکرەیە خولدەخۆن، جەوهەری پیرۆزیش ئەو وزەو بارگەو هێزە سێنتڕالیەیە کە هاوئاهەنگی خۆی لەگەڵ ماددەو ڕاکێشانی ماددە بەرەو خۆی ڕایی دەکات. ئایینەکانی چەرخی بەردین خودی ئەو جەوهەرەییان بەو هێزە بەربڵاوە (الساریە) داناوە کە دیاری ناکرێو تەعبیر لە پیرۆزی گەردوونیو وزەی گەردوونی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا (واتە ئەگەرچی دیاری ناکرێ) لەهەندێ دیاردەی گەورەی هاوسەنگبوونی گەردوونو هێزی ئەستێرەکانو ڕێگاکانی کاکێشاندا هاوئاهەنگبوونیان دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەش ئەو هێزە شێوەی شێواوی ئەنترۆبی هەیەو تەعبیر لەگواستنەوەی سیستەمێکی دیاریکراو بۆ سیستەمێکی دیکە دەکاتو بارگرانی سیستەمی کۆنی لێدەتەکێنێو لەشێوەی لافاوو گەردەلوولو بوومەلەرزەو بورکان لەسەر زەوی بەرجەستەیان دەکاتەوە. ئەگەرچی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەو هێزە چاو کراوە بووە، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی نەیتوانیووە ڕاڤەیان بکات، بۆیە هەمیشە لێیترساوەو بۆی هاتۆتە سەرچۆکو لە ژێر کۆمەڵێك ناوی جۆراو جۆر کرنووشی بۆ بردووە، بۆ نموونە هێزی ناوبراو لای هەندێ لەنەتەوە سەرەتاییەکان بە (مانا)و لای سۆمەرییەکان بە (سارە) ناوبراوە.

لەو کاتەدا مرۆڤ کۆمەڵێك ناوی لە جەوهەری پیرۆزی ئایین نابوو، بەڵام هەموو ئەو ناوانە دواجار ئاماژەیان بەیەك شت دەکرد ئەویش (خوا/هێز) بووو جەوهەری گەردوونی لەخۆگرتبوو، ڕاستە مرۆڤ ئەو هێزەی لە تاکە داڕشتنێکدا ناس نەکردەوەو بەچەندان شێوەی جۆراو جۆر بەرجەستەی کردووە، لە سیحرەوە بەرەو ڕۆحو بەرەو خواوەندو دواجار بەرەو خوا

**گۆڕانی بەسەر هێناوە، هەروەها ئەو تەگەرانەی کە پێشیان لە بەرەوپێشچوونی ڕۆحی مرۆڤ گرتووە لەیەککاتدا لە قۆناغی جیا جیا دەستیان خستۆتە ناو ئەو پیرۆزییەوە.**
**لەبەرامبەر ئەو دنیا ئایینیە پیرۆزەدا کە لای مرۆڤ تەعبیر لەبەئاگابوون، یان ڕوونبینی وزەی گەردوون دەکات، جیهانێکی دیکە هەیە کە دنیاییەو پیس‌و گڵاوە لەگەڵ ماددەدا یەکدەگرێتەوە.**
**بەمجۆرە ئەو دوو دنیایە جیاوازە بە شێوەیەکی توند بەدژی یەکتر دەوەستن، یەکەمیان دنیای پیرۆزی کە ئایین هەوڵی کەشفکردنی دەدات‌و نوێنەرایەتی خۆی پێدەکات، دووەمیان دنیاییەو پیس‌و گڵاوەو دنیا دەیەوەێت کەشفی بکات‌و نوێنەرایەتی خۆی پێبکات. ململانێی ئەو دوو هێزە چ لەکۆن چ لەئێستادا جێگای دەمەتەقێ‌و بەیەکدادانی توند بووە.**
**هەڵبەتە پیرۆزی بەهێزو وزەو پڕبوونی گەردوون‌و چالاکییەکانەوە هاوسەنگی خۆی ڕاگرتووە، لەبەرامبەر ئەوەشدا پیسی بەچۆڵی‌و بۆشایی‌و ماددەی هیچ‌و پووچ‌و لەناوچووو ساختە ئەو هاوسەنگییەی ڕاگرتووە، ئەگەرچی لێرەدا ئێمە نیازمان نییە ئایین لەدنیا جیا بکەینەوە چونکە ئایین‌و دنیا بەیەکداچوونە، بەڵام لەپێناو لێکۆڵینەوەی تیۆری‌و ڕۆشنایی خستنە سەر بزوێنەرە ئایینی‌و دنیاییەکە هەوڵدەدەین جارێك بەیەکەوەیان بلکێنین‌و جارێکی دیکە لەیەکیان جیابکەینەوە، هەروەها لەوێوە دەمانەوێ هەر یەکە بەپێی بزوێنەرو هێزو وزەی ناوەوەیان سەیریان بکەین.**
**زانیمان جەوهەری ئایین خۆی لە پیرۆزیدا هەڵدەگرێتەوە، جەوهەری دنیایی لەپیسیدا، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەکرۆکی جەوهەری ئەو پیسە بکۆڵینەوە کە خۆی لەسێکس حەشارداوە، واتە سێکس دەبێتە جەوهەری پیسی‌و جەوهەری دنیایی، وەك چۆن هێزو وزەی بەربڵاو بەجەوهەری پیرۆزی دێتە ژماردن.**
**بەمجۆرە لەو بەرامبەریەکبوونە گرنگەدا دەگەینە هێزی بەربڵاوو هێزی ئیرۆسی، پیرۆزی‌و پیسی، ڕۆحی‌و سێکسی، خواوەندی‌و بەشەری، ئایینی‌و دنیایی......هتد. ئەو دوو لایەنە بەرامبەرە بەرەو بەرامبەر یەکبوونەوەی هاوشێوە دەبنەوە.**

شوێنی پیرۆزو پەرستگا، ستوونی پیرۆزو وزەی دنیایی شوێنگەلی دەسپێکردنی گەردوونینو (نشکونی -نشوو الکونی) بارگاوین بەپیرۆزیو دەکەونە سێنتراڵەوە لەبەرامبەر شوێگەلی گەردوونی تەقلیدی وەك ماڵ، گۆڕەپانو شەقامەکان کە شوێنگەلی دنیایینو دەوروبەری مرۆڤ دەگرنەوە.

هەروەها زەمان دابەشی زەمانی نشکونی پیرۆزو ئەفسانەئامێز دەبێ کە رووداوی گەورەی تیا هاتۆتە بەرهەم، لەبەرامبەر زەمەنی مێژووی تەقلیدی کە لەنێو رووداوی دنیای ئاسایی‌دا پێگەییوە، زەمەنی ئەفسانەئامێز لەمیانی تقوسی جەژنەکانی ساڵانەدا کە تەعبیر لە بەبیر هێنانەوە دەکات (واتە تقوسی جەژنەکان تەعبیر لەبیرهێنانەوەی زەمەنی ئەفسانەیی دەکات) هەروەها دووبارەبوونەوە دەگەیەنێتو تەعبیر لە دووبارە چڕکردنەوە دەکات لەنێو زەمەنە تەقلیدییەکەدا، بەمجۆرەش رەمزە ئاسمانییەکان لە بەرامبەر رەمزەکانی زەوی دەوەستێ، وەك چۆن دەقی پیرۆز (کتێبی پیرۆز) دەکەوێتە بەرامبەری کتێبەکانی زەوی، هەروەها پێغەمبەریش زیاد لە هەموو مرۆڤێکی دیکە هەڵگری پیرۆزییە.

هەر لە چەرخی بەردینی کۆنەوە پیرۆزی وەك شتێکی نادیارو سەرسووڕهێنەر مرۆڤی بەرەو دنیای دیکە پەلکێش کردووەو وایلێکردووە کە واهەست بکات لەو گەردوونەدا بە تەنیا ناژی بەڵکو پەیوەستە بەجەوهەری گەردوونەوەو دەبێ بەخێراییەوە بۆی بگەڕێتەوەو لەدوای مردندا لەگەڵیدا یەکبگرێتەوە. وەك گوتمان ئەو کاتە مرۆڤ ناوی جۆراو جۆری بەسەر جەوهەری پیرۆزییدا بڕیبوو، بەڵام هەموو ناوەکان ئاماژەیان بەیەك شت دەکرد ئەویش (خوا/هێز) بوو تەعبیری لەجەوهەری گەردوون دەکرد، بەڵام یەکەم مامەڵەکردنی جیدی لەگەڵ ئەو پیرۆزییەدا هەر تەنها لەرێگەی سیحرەوە بووە (کە بە یەکەم کۆسپی ئایین دەژمێردرێ) سیحریش یان حەقیقییەو وزەیەکی سایکۆلۆژی تەجاوزکەر لای پەرستیار دەگەیەنێو کار لە هەندێ یاسا لە یاساکانی هێزی بەربڵاو دەکات، یان وەهمیو شێوەئامێزە دەیەوێ لە رێگەی دەروونییەوە بەسەر یاساکانو هێزی ناوبراودا کاریگەر بێت.

بەمجۆرە سیحر یەکەمین شێوەگەلی پەیوەندی نێوان مرۆڤو پیرۆزی لەخۆ دەگرێ، یەکەمین رێچکەی پەیوەندی نێوان مرۆڤو پیرۆزییە، خودی ئەو رێچکەیە هەڵگری لایەنە

**پۆزەتیفەکەیە (بەسیحر ناوی دەبرێ) بەڵام ڕێچکە نێگەتیفەکەی نێوان پیرۆزیو مرۆڤ بە (فاڵگرتنەوە ناو دەبرێ).**

**هەڵبەتە لەبۆچوونی ئێمەدا هەردووکیان شێوەیەکن لەشێوەکانی شیعر، هەروەها شیعر بەوێنە کردارییەکەیەوە پرۆسیسەکردن دەگەیەنێو بەرستەو وشە ممارەسە دەکرێ، لە قۆناغی دیکەشدا لەدوای سیحرەوە دێو پاشان رۆحی دەکەوێتەوەو ئینجا خواوەندیو دواجار قۆناغی یەکتایی.**

**بەمجۆرە مێژووی دنیایی لەباری رۆحییەوە، یان مێژووی رۆحەوە دابەشی چوار قۆناغ دەبێ، هەر یەك لەو قۆناغانەش لەرووی دیدو بۆچوونیان بۆ پیسیو پیرۆزی جیاوازن ، لەمیانی ئەو جیاوازییەشەوە دوو جۆر لەشیعر دەردەکەوێت یەکەمیان شیعری ئایینییەو دووەمیان دنیایی، بڕوانە ئەو هێلکارییەی خوارەوە:**



((ئەو هێلکارییە مێژووی جۆرەکانی شیعری ئایینیو شیعری دنیایی ڕووندەکاتەوە))
بازنەی یەکەم بازنەی جۆرئامێزەو قۆناغی پەرستن نیشان دەدات.
بازنەی دووەم شیعری ئایینی نیشان دەدات.
بازنەی سێیەم شیعری دنیایی نیشان دەدات.
ئەو هێلکارییەی سەرەوە مێژووی چوارینەی پێشکەوتنی پیرۆزییمان پێرادەگەیەنێ، کە لەسیحرەوە بەرەو ڕۆحو پاشان بەرەو خواوەندو ئینجا خودا دەبێتەوە، هەڵبەتە خودی ئەو گۆڕانکارییەو شێوەی تەعبیرکردن لەو گۆڕانکارییە شیعری بەدواوەیە، ئینجا دووانەی شیعری دەردەکەوێت کە دوای پێشکەوتنی پیرۆزی دەکەوێت، ئەو دووانەش بەپێی پێشکەوتنی ڕۆحو چۆنێتی هەستپێکردنی ڕەها گۆڕانی بەسەردادێت.
هەروەها پێشکەوتنی ئایینی بەجۆرەی خوارەوەیە: جادو، لاوانەوە، ئەفسانە، دەق یان کتێبی پیرۆز، پێشکەوتنی دنیاییش لە بەرامبەر ئەودا بەجۆرە دەکەوێتەوە گۆرانی، گفتوگۆ، دارستان، قەسیدە.
لە بڕگەکانی دوای قۆناغەکانو دووانەی شیعری ئایینیو دنیایی دەخەینە بەر گفتوگۆو هەوڵدەدەین نهێنی ئەو یەکانگیربوونەو پەیوەندییان بەیەکەوە بکەینەوە.
سەرچاوە:
بڕوانە: العقل الشعری- **الكتاب الثاني**
بغداد-2004
**خزعل الماجدي**-ص39